# کۆبوونەوەی خێڵە ناتەباکانی عەرەبی عێراقی لە هەولێر بە کوێ دەگات؟

**نووسینی: کەریم دانشیار**



**پێشەکی**

پانێی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ناو زۆربەی وڵاتانی جیهاندا لە سەر ئەو ڕێسمەیە دەگەڕی، کە زەمینەیەکی لەباریان تێدا پێک بێنێت بۆ ڕنینەوە و چنینەوەی داهات بە مەبەستی سەپاندنی حاکمیەتی سیاسی و ئابووریی خۆی لەو وڵاتانە دا؛ ئەمە ئەولەکاری(ئەمنییەتی) میللیی ئەمریکای پێ دەستەبەر دەبێت.

**ئەمریکا و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست**

ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کانگایەکی پڕ خێر و بەرەکەتە بۆ چنینەوە و ڕنینەوەی ئەمریکا و هەموو خەرتەل و چەورە و مشەخۆرێک. چوار ڕێیانی ئەو مەڵبەندە پڕ خێر و بەرەکەتەش بە ئێران دا تێپەڕ دەبێت و هەر هێز و دەسەڵاتێک گۆپاڵەکەی لەو چوارڕێیانە دا بچەقێنێ، بێشک گرەو بەری سات و سەودایە و دەتوانێ چی زلهێزە، بە پاشکۆی خۆیەوە گرێیان بدات.

ئێران لە سەردەمی پەهلەوەییەکاندا وەک ماڵی دووەمی ئەمریکای لێهاتبوو، بەڵام حەمەڕەزاشای پەهلەوی لە ساڵەکانی دوایی حکومەتەکەیدا تووشی سەرەڕۆیی سیاسی و ئابووری هات و لە ئاکامدا وەبەر لووشکی ئەمریکا کەوت و هەڵنەستایەوە. بە کەوتنی حکومەتی پاشایەتی و هێنانە سەر حوکمی کۆماری ئیسلامی، ئەمریکا نەک هیچ زیانێکی لێ نەکەوت، بەڵکە دە قات هەورازتریش قازانجی کرد.
ئەم قازانجەش بە هۆی توندی و تیژییەکانی حکومەتی ئیسلامی و کەلکەڵەی ناردنی شۆڕشی ئیسلامی بۆ دەرەوە و بەکرێگرتنی دەیان و سەدان باسکی ترۆریستی لە جیهان مسۆگەر بوون. فیتنەگەری و دژ کرداری و شەرخوازیی شێتانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران، هەموو حکومەتەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی بە جۆرێک ترساند، کە ناچاربوون دەست و بردێک بکەن و بە لێشاو چەکی نوێ بکڕن. بازاڕی کڕینی باشترین چەکیش هەموو کەس دەزانێ ماڵی لە کوێیە. هەر ئەو ئێرانەش پسوولەی ڕەوای دایە دەست ئەمریکا ، کە ئەمریکا بە مەبەستی ڕاوە ترۆریست پێ بنێتە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و، ئەمریکاش هات و بە دانستە خۆی بە دوو شوێن دا کرد؛ عێراق و ئەفغانستان .

خۆشباوەڕانی سیاسی پێیان وابوو و هێستایش هەر لە لەو بڕوایە دان کە بار و بارگنەی ئەمجارەی ئەمریکا بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست چەشنە دیموکراسییەتێکی تێدایە کە وێنەی نییە. بەڵی ئەگەر وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیش وەک کورەیای باشوور لە نێوان چین و کورەیای باکوور دا هەڵکەوتبایەن، ڕەنگ بوو سیاسەتی ئەمریکا هەر ئەو هێلکەیەی بۆ کردبایەین کە لە کورەیای باشوور دا کردوویەتی. بەڵام بانگەشەی مایکرۆفۆنی ئەمریکا لە دەمی خۆ تەیارکردن بۆ شەڕی دژە ترۆر، جارانی جار ناوی(کورەیای باکوور، ئێران و عیراق)ی وەک سێ شەیتانی بەدفەڕ لێ بیسترا و هەڕەشەی کوشتنیشیان لێ کرا. من لە کورەیای باکوور هیچ نازانم، بەڵام لە نێوان ئێرانی ئیسلامی و عێراقی بەعسی دا دەست لە ملم دەدەم کە ئەگەرچی بەعس چەپەڵ و بەدکار و دژی مرۆڤ و کوشندەی هەر چەشنە ئازادییەک بوو، بەڵام ئەگەر عێراقی بەعسی و ئێرانی ئیسلامی لە دوو تای تەرازوویەک دا سەنگ و کێش بکرایەن، بێشک ئێران مارێکی حەوت سەر و عێڕاقی بەعسی مارمێلکە بوون. قانوونی ئێرانی ئیسلامی سووکایەتیەکی ڕەبەقە بە مرۆڤ، دەستکردەکەی سازدانی کارخانەی ترۆر و ترساندن و تۆقاندنە. کردەوەی

هەفتە و مانگ و ساڵانی لە دار دان و هەڵاوەسین و بەردەبارانی ژنە. هەر لە سۆنگەی ئەم تایبەتمەندییانەدا، پێموایە ئەگەر ئەمریکا ڕاستگۆ و ڕاست کردار بوایە، دەبوایە لە نێوان ئەو سێ شەیتانە دا سەری ماری گەورەی پان کردبایەوە. بەڵام بەر لە هاتن و هێرش هێنانی ئەمریکا بۆ هەر شوێنێک، دەیان پلان و نەخشەی کورت ماوە و درێژ ماوەی لە هەگبە دایە. لە هێرشی ئەمجارەی دا، سەدام و چەند سەرکردەی بەدکاری لێ کوشتن، بەڵام سیستەمەکەی بۆ شاردنەوە. شان بە شان و بەرە بەرە کۆمەڵگەی عێراقیشی بە شێوەیەک شیواند، کە نە باوک باوەڕی بە ڕۆڵە بێت و نە جیران دراوسێی خۆی وەرگرێت. سیاسەت لە بەغدا دا بە شێوەیەک خۆی لە ئایین هاڵاند، کە جیا کردنەوە و هەڵپەساردنی ئایین لە سیاسەت، شۆڕشێکی کۆمەڵایەتیی پڕ زەبر و زەنگی پێویستە. هاوشانی دین و ئایین، سەرۆک هۆزانی چل ژنەی خێوەت نشین و شێخانی تەسبێح بەدەت و مەلایانی مزگەوت و تایفە و ڕەگەزەکانیش لە دەوری دین کۆبوونەتەوە هەر یەک ئاڵای سیاسەتی خۆی بەدەستەوە و لە معادلاتی سیاسی دا جێگای بۆ خۆی کردەوە. بۆ وێنە، ئەو سەرۆک هۆزەی کە خاوەنی چەند ژن و چەند دارە خورما و ژمارەیەک حوشتر و پارچە بیابانێکی سووتاوە و، بەر لە ڕوخانی بەعث، ئاگای لە بیابانی ئەولاتر نەبوو، ئێستا لە بازنەی سیاسەتی دیاری کردنی چارەنووسی عێراق خاوەن دەنگە و، گوێ بە کەس نادا. شیواوە بازاڕێکی کە لە لایەن ئەمریکاوە موهەندیسی کراوە، پێی ئێران، تورکیا و عەرەبستانی سعودیشی کێشاوەتە ناو بازنەی کێ بەر کێیەکی ئەو سەر نادیار. لە ڕاستیدا لەناو خێڵی ناتەبای عێراق دا مۆرەی سەربەخۆی تێدا نییە. ئەوەی سەربەخۆیە، هەر ئەو سیستمەیە کە ئەمریکا بۆ ڕۆژی (مەبادا)ی ڕایگرتووە .

**لە یاریگەی سیاسەتی عێراقدا، کورد لە کوێیە و خەریکی چییە؟**

جارانی جار گوتراوە: نان، ئەو نانەیە ئیمڕۆ لە خوانە. لە گەرمەی شەڕی ئەمریکای دژ بە هێزەکانی سەدام، کوردستان مێنگەی ئارام و ئەهوەنی سەرباز و سیاسەتوانی ئەمریکایی و، گەلی کورد تەنیا یار و یاوەری شەڕکەری ئەمریکا بوو. سەرانی دوو حیزبی سەرەکیی کوردستان، وەک قەت پیلانی ئەمریکایان نەدیتبێت و تامی تاڵی فریوخواردنیان لە بیر خۆ بردبێتەوە، بوون بە داشەهارە و بە هەموو وڵات وەربوون. ئەوەی کە بە بیردانیاندا تێپەڕ نەبووبێت، بیری چارەنووس و حاکمییەتی سەلمێندراوی قانوونی بوو. تەنانەت دوای گیرانی سەدام و بزر بوونی هێزی شەڕکەر و قوات خاسەکەی ئەو ، کێشەی کورد لە تۆز و تەمێکی دەسکرد دا شاردرایەوە و بێدەنگەی لێکرا. لە بەرامبەر دا، ئەمریکا هەگبەی پڕۆژەی پڕ لە گەندەڵ فەندەڵی خۆی بە ڕاشکراوی کردەوە و سەرانی کوردیشی چەشنی منداڵ بە بووکە شووشە سەرقاڵی بدە و بستێنە کردن. لەم کایە و گەمەی سەرۆکان دا توخم و تۆوی گەندەڵیش خۆی کردەوە.

مرۆڤ گیانداریکی کاسبکارە. ڕۆژ کە دادێت و چاوی مرۆڤ بە ڕووی دنیا دا دەکرێتەوە، ئەویش وەک هەموو گیانداری تر خەریکی گردەوەکۆشی و کۆ کردنەوە دەبێت. بەڵام مرۆڤ سەرەڕای گردەوەکۆشی باری ئابووری، کولتورەکەیشی دەوڵەمەندتر دەکات و ئەوەی کە لە سەر ئەرزی واقع دا دەیی بینێت، دەیگرێت و لە کۆلتورەکەی خۆی دەهاڵێنێت. من نا، بەڵام لە ئێمەمانان ئاگادارتر دەڵێن کە پێشەکی و لە سەردەمی شۆڕشی شاخ و پێشمەرگە دا گەندەڵیی خۆماڵی هەر هەبووە، بەڵام توخم و تۆمی ئەو گەندەڵییەی کە بەدانستە لە هەگبەی ئەمریکا ڕژایە سەر خاکی کورد، گەندەڵییەکی مۆدەرنی مۆدێل باڵا و باکلاس تر بوو، هەربۆیە زۆر خێرا چەکەرەی دا و بە ناو هەموو دەزگاکانی حکومی دا بڵاو بوویەوە.

بە کورتی، لە سای زۆر زانی و سەهەندە بوونی ئەمریکا و کەمزانیی خۆمانەوە، بێگانە بوو بە خاوەن ماڵ و خاوەن ماڵ بوو بە بێگانە. ئەو نانەی کە دەبوایە لە سەرەتای کار دا بۆ گەلی کورد هاتبایە سەر خوان، بوو بە خشت و نانی ئەمریکا بوو بە چۆرەگ.

لەم سەردەمەدا کە پلان و نەخشەکانی ئەمریکا لە ئەفغانستان و عێراقدا تۆمی بێچارەگییان بە مەڵبەندی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا پرژاندوە ، ئیتر بوون و مانی ئەمریکا لە عیراق زۆر پێویست نییە. تۆمی بێچارەگی وەک ئاگری ناو پووشوو لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا خۆی دەکاتەوە، نانی ئێمە دەبرێت و ئەمریکا بە کاوی دڵ شاد دەکات. هەر لە ئێستاکەوە شانۆی کۆمیک ـ تراژیک هاتۆتە سەر ئەکران. ئەمریکا لە مەڵبەندی شێواو دا خەریکی کلکە دزەیە و دۆستانی خۆی بە دوژمنانیان دەسپێرێت. گەلی کورد لەم شانۆیە دا لە سەر سەکۆی سەرکەوتن دا نابیندرێت. چونکە مافەکەی دەستەبەر نەکراوە، پرۆژەیەکی تێدا وەگەڕ نەکەوتووە کە خەڵکەکەی بە ئارەقی تەوێڵ بەهرە لە خاک بستێنن و نان و خاکی خۆیان هەتا ئەو پەڕی خۆشەویستی بپەرەستن. بەپێچەوانە، خاکی وڵات بۆتە جێگای ڕاوڕاوێنی خەفێ و سیخور و کەرسەگ و سەرمایەدارانی تورک و ئارەب و ئێرانی و، ئالوودە کراوە. دۆستایەتیی بێ سنووری کورد و ئەمریکا، ناسیۆنالیزمی عەرەبی ورووژاندووە و کورد و ئیسرائیل پێکەوە هەڵدەسەنگێندرێت. ئیسرائیل سێبەری ئەمریکایە و بۆ کورد هیچی لە دەست نایە. ڕێگای تەنگ بۆتەوە و وا دیارە دەبێ ڕێچارەیەک بدۆزرێتەوە.

**سەرۆکی هەرێم ، هەولێری پایتەخت، خێڵی هەزار ئالا**

دەوڵەتدارانی حکومەتێکی کە هەر ئێستا لە بەغدای پایتەخت لە ناو قەڵای حەوت شۆرە و دیوار دا پێکەوە شەڕە دەندووکەیان، بە نیازن حکومەتێکی نیشتمانی فرە بنکە!! بۆ گەلانی عێراق دامەزرێنن. ئەم هەوڵ و خەباتەیان ماوەیەکی دوور و درێژە، بەڵام خوا ناهەق بگرێت کە هەر هۆز و تایفە و شێخ و ئایینزایەک کارتێکی لە باخەڵ نراوە کە هیچ کارتێک ئەوی تریان ناخوێنێتەوە. ئەوان بەمجۆرە لە خەبات دان و لە دەرەوەش ڕۆژ نییە لە شەقام و مەیدان و مزگەوتاندا دەنگی تەقینەوە و هاواری مرۆڤی بێ تاوان بە ئاسمان نەگات. دەوڵەت دارانی ناو کۆشک و قەڵای حەوت شوورە و دیوار، چەشنی مشک لە ترسی مار، بە ڕۆژ ناوێرن لە لانە بێنە دەرێ، بەڵام ئەرێ ئەگەر ئەو دەوڵەتدارانە لە هەولێری پەیتەخت دا هەتاوی کوردستان لێیان بدات و شنەیەک هەڵمژن، هەیاران بڵێی کارتەکانیان و ڕاسپاردەکانیان لەبیر بکەن و چی تر بە چارەنووسی خەڵکی هەژار کایە و گەمەی بێشەرمانە نەکەن؟

هەڵوێستی سەرۆکی حکومەتی هەرێم لە ڕووی نیازپاکییەوە بێت یان لە ترسی دوا ڕۆژ، ئەم بەزم و هەرایە چلۆن لێک دەداتەوە؟ ئەرێ ئەگەر کەسێک لە دەنکی هەنار بترسێت،دەکرێ هەنارێکی هەڵشۆی بە زۆرەملی لە ئەوکی بخەی و لە زیندوو مانیشی دڵنیا بیت؟

ڕێزدار کاک مەسعود لە هەموو کەس شارەزاتری تراژیدیاکەیە و لە دەرچوونی ئەمریکا و بێ قەول و قەراری و درۆ و دەلەسەکانی واشنگتن بە ئاگاترە. ئەمریکا دێموکراسییەتەکەی دەگەڵ خۆی دەباتەوە و ماڵی وێرانی بەسەر خەڵکی عێراق دا جێ دەهێڵێت. درچوونی ئەمریکا بە مانای سەرکەوتنی ئێران و تورکیایە؛ ئێران و تورکیا بە خوێنی سەری هەرێمی نیوە سەربەخۆی کوردستان تینوون و ئەگەر چاوی سەریان بێ، بە دوو قامکی خۆیان دەری دێنن.

دەڵێن: قارەمان کەسێکە، کە لە سەرکەوتندا چلۆن بڕوای بە ئامانجە و گیانی بۆ دەکاتە قەڵغان، لە تێکشکانیشدا ئەو بڕوایە لە دەست نادات و گیانی بۆ دەکاتە قەڵغان. هێژای گوتنە کە ئەمە دروشم نییە، بەڵکە گوتەیەکی تاریخ سازە.

بانگهێشت کردنی تابوورانی پێنجەم بۆ هەولێری پێتەختی شەهیدان، ئەگەر من بوایەم نەمدەکرد. بەڵکە سەربەخۆیی گەل و نیشتمانم ڕادەگەیاند و گیانی خۆیشم بۆ دەکرد بە قەڵغان؛ لە سەرکەوتنمدا هەموو گەلم دەگەل دەکەوێت و لە فیدابوونم دا تاریخ بە قازانجی گەلەکەم دەنووسم و هەموو تاریخم دەگەل دەبێت.

بە ئەوپەڕی ڕێز و حورمەت ـ کەریم دانشیار
2010/7/23